کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-4-2007 23:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆ خاتری خوێنی شەهیدان وەزیری ناوخۆ بێدەنگ مەبە ... مەردان

سەرەتا زۆر سوپاسی کوردستان نیت دەکەم کە بەڕاستی هەندی کێشەی زیندوو دەوروژکێنی بە مەبەستی چارەسەرکردن.. کەتائێستان ئێمەی هاووڵاتی سادە پێوەی دەناڵین و بێئومێدی کردووین.. هەڵبەتە ئەم نووسینانە خەڵکی سادە و ساکار بەهەندی ڕاستی ئاشنا دەکات کە پێدەچی پێشتر لای نامۆ بووبێت.. ئەم جۆرە هەڵوێستەی ئێوەش بەڕاستی جوامێرانەیەو جێی سوپاس و پێزانینە..
بەڕاستی ئەوەی پاڵی پێوە نام بۆ نووسینی ئەم باسە.. خوێندنەوەم بوو بۆ بابەتێك کە بەڕێزتان بڵاوتان کردبۆوە لەسەر گەندەڵییەکانی سیستەمی نووسینگەکان و بەشی مۆڵەتی هاتوچۆی سلێمانی.. کە بەڕاستی تاکو ئێستا هیچ پێگەیەك لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە نەهاتۆتە دوان.. کە دیاردەیەکی زۆر ترسناکە و بەهۆی قۆرخ کردنیەوە بۆ هەندی خاوەن بەرژەوەندی لەجیاتی ئەوەی وەك ووڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا سیستەمی بەخشینی مۆڵەت بەرەو پێش ببەین ئێمە دیاردەی نووسینگەکانمان کردووە بە بازرگانییەکی ئاشکرا بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن.. بەڵی لەم ماوە کورتەی دەست بەکاربوونی سیستەمی مۆڵەتی شۆفێری لەڕێگای نووسینگەکانەوە.. خاوەن نووسینگە هەیە بووە بە خاوەنی سەدان هەزار دۆلار.. نووسینگەش هەیە لەدوورەوە بۆ باجە ئاساییەکانی خۆشی هەر زەقەی چاوی دی و کەس وەڵامی ناداتەوە... گەندەڵی نووسینگەکان هەمووی لەیەك تەوەرەدا کۆ بۆتەوە: ئەویش ژمارەی باجەکانە لەبەر ئەوەی لەبەرامبەر هەموو باجێکدا نزیکەی 150 دۆلار لەخوێندکار وەردەگیرێت.. واتە نزیکەی 170 هەزار دینار.. بەپێی ڕێنماییەکان ژمارەی باجەکان دیاری کراوە بە پێی ژمارەی مامۆستای پراکتیکی... جا بۆیە کوڕ ئەو کوڕەیە لەڕێگای پەیوەندی شەخسی بە بەڕێوبەری مۆڵەت و هاتوچۆ و بەڕێوبەری گشتی یەوە ژمارەی باجەکانی زیاد بکات.. ئەو کات ئەگەر زیرەك بێت وەك هەندی خاوەن نووسینگە لە مانگێکدا بەسەدان دەفتەر دۆلار قازانج دەکات... بێگوومان ئەم پارەوە چەورە بەتەنها قووت نادرێت.. بۆیە دەبی بەتیکەیەکی دەمی بەرپرسەکانی هاتوچۆی پی چەور بکرێت.. دەنا ئەوانیش بۆری لەدۆلار هەڵکێشراوی باجەکانت لی دەگرنەوە و بۆ یەکێکی تری دەکەنەوە.. هەر بۆ نموونە ئەگەر ئەمڕۆ لە نووسینگە خۆت ناو نووس بکەیت بە مەبەستی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری بەدڵنیاییەوە تا دوانزە مانگی تر ناوت نایەتەوە.. هۆکاری ئەم پاڵەپەستۆیەش هۆکەی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و ئوتومبیلە.. هاووڵاتی داماو کە زۆر پێویستی بە مۆڵەتی شۆفێرییە بۆ کەسابەت کردن و تاکسی گێڕان و بژێوی ژیانی زۆر جار کەل و پەلی ناوماڵی خۆی دەفرۆشێت.. تاکو خەرجییەکانی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری دەستەبەر بکات.. لەبەر ئەم هۆیانە بەڕێوبەرایەتی مۆڵەتی شۆفێری بووە بە ژینگەیەکی تەواو لەبار بۆ دروست بوون و گەشەسەندنی گەندەڵی و پارە کێشانەوە لە هاووڵاتیان.. لەهەموو سوچ و قوژبنێکدا دەڵاڵەکانی بەشی مۆڵەتی ساز و ئامادەن بە مۆبایلەوە سەودات لەگەڵ دەکەن.. بەهەزاران کەس هەن لەسەرەتای 2006 وە خۆیان ناو نووس کردووە و تا ئێستا ناویان نەهاتۆتەوە.. زۆریشن ئەو کەسانەی کە بە یەك دوو هەفتە مۆڵەتەکە دەخەنە گیرفانیانەوە. حەقیقەتێکی زۆر گرنگی تر هەیە ئەویش ئەوەیە کە بەشی مۆڵەتی سلێمانی پاوان کراوە بۆ چەند ئەفسەرێك کە زیاتر لە سی ساڵە لەوێن و تەنها بۆ خەو دەچنەوە ماڵەوە.. بی ئەوەی بەڕێوبەری هاتوچۆ غیرەت بیگری و بیانگوێزێتەوە بۆ بەشێکی تر.. دیارە ئەم ئەفسەرانە بە حوکمی مانەوەیان پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ زۆرێك لە نووسینگەکان و هاوڵاتیان و دەوروبەر پەیدا کردووە کە کە بەگەندەڵییەکی زۆر خراپ شکاوەتەوە... ئەمە حەقیقەتێکی بی لەکەیە و هەموو کەسی دەیزانی.. من بۆ خۆم مامۆستایەکی پراکتیکیم لە یەکی لە نووسینگەکانی سلێمانی زۆر جار لەگەڵ ئوتومبیلی نووسینگەکەمان دەچم بۆ شارۆچکەکانی دەرەوەی سلێمانی بۆ هاوکاری کردنی نووسینگە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بچووکەکانی ئەوی بەشاهیدی ئەوانیش هەمان گەندەڵی لەویش بڵاو بۆتەوە خاوەن نووسینگەیەك پێی ووتم نووسینگەکەی دراوسێم وەك دەواجنی لی هاتووە وەجبە لەسەر وەجبە باجی بۆ دەکرێت بەدەر لە ڕێنماییەکان. بۆیە خوێندکارەکان زۆر خێراتر دەبنە خاوەنی مۆڵەت. هەر بۆیە زۆر لە خوێندکارەکان کە لای من خۆیان ناونووس کردووە.. ناویان دەکوژێننەوە و دەچن بۆ نووسینگەکەی دراوسێم.. لەوی هۆکاری ئەم جیاوازی و ناحەقییەم لەئەفسەرێکی هاتوچۆ پرسی زۆر بە نائومێدییەوە پەنجەی شایەتمانی هەردوو دەستی نووسان بەیەکەوە و ووتی خاوەنی ئەو نووسینگەیە لەگەڵ مودیر ئائەوایــــە...

لەکۆتایدایدا لەم مینبەرە پیرۆزەوە ڕووی دەمم دەکەمە جەنابی وەزیری ناوخۆو پێی دەڵێم هەر بۆ خاتری خوێنی پیرۆزی ئەو شەهیدانەی ئێمەیان کرد بە خاوەنی ئەم سەربەخۆییە کە بەڕێزیشتان خاوەن شەهید و قوربانین.. تکات لی دەکەم سنورێك بۆ ئەم گەندەڵییانە دابنی و با لەوە زیاتر ئابرووی حکومەتەکەمان نەتکی و لەکەدار نەبێت...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.